ئاوات شێخ جەناب دەستاتی لە لقی سلێمانی بانکی ناوەندی سەندوق

وەزیری دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان بە نوسراوێك دەستاتی لە لقی سلێمانی بانکی ناوەندی سەندوق و تەمویلی موچەی خستە بانکی ئاشتی.

بەپێی گشتاندنێکی وەزارەتی دارایی هەرێم کە تێیدا هاتووە و واژووی ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و ئابوریی هەرێمی لەسەر و تێیدا ئاماژە بە ئەوە کراوە، تەمووییلی مووچەی مووچەخۆران و فەرمانبەران راستەوخۆ لە بانکی منارەوە دەنێردرێت بە بانکی ئاشتی و لەوەشەوە بە بانکەکانی سنووری پارێزگاکانی سلێمانی، هەڵەبجە و ئیدارەکانی گەرمیان و راپەڕین.

لە گشتاندنەکەدا ئەوەشخراوەتەووە، بەهیچ جۆرێك دەستکاری پارەی هاوەاتییان لە بانکەکان نەکرێت و بە پێچەوانەوە رەکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتەبەر.

جەختیشدەکاتەوە، نابێت بە هیچ جۆرێك کەشە بە پەشینەی مانگانەی فەرمانگەکان و کەمپانیاکان و بەندەران و دروستبکرێت کە رەزامەندی وەزارەتیان هەیە.